www.kurdistannet.org

19-11-2007 15:32بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەگەر هاتی ... ئەڵماس مستەفا

* * *

ئەگەر هاتی بەئەسپایی،
لەپەنجەرەی ژوورەکەم بە..
با فریشتەی خەیاڵم
رانەچڵەکێ.. !
با جێژوانمان ساباتی،
دارهەرمێیەک بێ
یەکەمین ماچ
یەکەمین ئامێز
لەشەوێکی کریستاڵیدا
بەرێ بکەین..
بەر لەوەی گێژەڵووکەی
ئەم پایزەلەگێژاوی
فەنا بوون
بمانخواتەوە،
وەرەبا هەناسەمان
تێکەڵ بەیەکتر بکەین..
وەرەبا پێکێ لە
ئەشق بنۆشین..
ساتێک لەحەسرەتی
یەکتردا بتوێینەوە
تا تاڵی ئەم رۆژگارە
سەختەفەرامۆش
بکەین..
هەنگاوەکانمان بەدوی
هیواکانمان بەرین..
وەرەمن بۆ تۆ
تۆش لەگەڵ،
نەورەسەکاندا وەرە
ماڵی تەنیایم
بسپێرەبەخۆر...

سوید

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.